# مەلا عەبدوڵڵای پەرخی ئەندامی لیژنە فتوا

**" ئەو خەتەنەیەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکرێت نەك ژنان ، زیانی لە پیاوانیش داوە "**

**" ئێمە ئامێری سەربڕینگی بازیانمان نەبینیوە و فتوای حەڵاڵی سەربڕینی مریشکمان بەو ئامێرە نەداوە "**

**راپۆرتی لڤین**

فـەتوای شـەرعی تـا ئێسـتاش هێـز و ڕۆڵی بەرچاوی هەیـە لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا، ئەگەر رێت بکەوێتە بارەگای لیژنەی فەتوای شەرعی وادەزانیت ئـەم وڵاتـە تـەنها مـەلاکان دەیبەن بەڕێوە، ڕۆژانە بە دەیـان کـەس ڕوو دەکەنـە ئـەوێ و کێشـەکانی خۆیـان بـۆ مامۆسـتاکانی لیژنـەی فـەتوا باسـدەکەن و ئەوانیش بەپێی لێزانینی خۆیان فـەتوای لە بارەوە دەدەن.

نـەك خـەڵکی ئاسـایی بگـرە حکومـەتیش ناتوانێت لە زەبری ڕۆڵی ئەوان بـەدوور بێت هەروەها کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانیش دواجار دەبێـت ئـەوان فـەتوایان بـۆ بـدەن کـە ئایـا کارەکەیان لەکوێی شەرعدا جێیدەبێتەوە.

ئـەو ڕێکخراوانـەی بانگەشـەی کۆمەڵگایـەکی عـەلمانی دەکـەن دەستەوەسـتانن لـە گـۆڕینی بـەهای تەقلیـدی کۆمـەڵگا ئەگـەر فـەتوای زاناکانی شەرعی لە پشتەوە نەبێت.

ڕێکخراوەکـانی ژنـان پـانزە سـاڵە زیـاترە دەیانـەوێت دیـاردەی خەتەنـەکردن نـەهێڵن کەچـی تـا ئێسـتاش نـەیانتوانیوە ئـەم کارەبکەن، چونکە سوننەتی شەرع باڵادەستی ڕەهای هەیە لە کۆمەڵگادا.

"پانزەساڵ زیاترە ژنانی سلێمانی لەسەر ئـەم بەزمـە وازیاننـەهێناوە ئێمـە بـە نووسـراو و بـەدەمی وتومانـە کـە ئـەوە حـەرام نییـە و سـوننەتە، بـەڵام ئـەوان دەیانـەوێت لـە تەلەفزیۆنەوە فەتوای حـەرامبوونی بـدەین" ئەمـە ڕای مـەلا « عەبـدوڵڵای پـەرخی » گەورە زانای لیژنەکەیـە. مامۆسـتا درێـژە بـە قسـەکانی دەدات و دەڵێـت"خەتەنـەکردن دیاردەیەکـە لـە سـەردەمی پێغەمبـەر« د.خ » کراوە، بەڵام دەبێت کـەمی لێبڕێـت نـەك لـە بنا ببڕێت"

ژنـان دەیانـەوێت چـێژ لـە جەسـتەی خۆیـان وەربگـرن وەك چـۆن پیـاوان بـەدوای چـێژدا دەگـەڕێن کەچـی خەتەنـەکردن هۆکـاری لاوازکردنـی چـێژێکە کـە بـەردەوامی دەداتـە ژیـان « پـەرخی » لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە"ئـەو خەتەنەی کە لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا دەکرێت نـەك زیـانی لـە ژنـان داوە، بـەڵکو زیـانی لـە پیاوانیش داوە، چونکە وەك خۆی نەکراوە"

لیژنەی فەتوا کە باڵادەستی ڕۆحی هەیە لـەم کۆمەڵگایـەدا لەگـەڵ ئـەوەدا نییـە کـە ئـەم دیاردانە وەك خەتەنەکردن و فرەژنی..هتـد، بەشـێکبن لـە تەقلیـد و کەلـەپوری سـواوی کۆمەڵگا، بـەڵکو بـە بـەهای شـەرعی دادەنـێن پەرخی دەڵێت " ئەوە بۆچوونی خۆیانـە کـە ئـەو شـتانە بەبەشـێك لـە تەقلیـدی کۆمـەڵگا دادەنێن نەك بۆچوونی شەرع "

کێ بڕوا بە سوننەت دەکات جگە لەوانەی کە شەرع بە سەرچاوەی یاساکان دادەنێن؟ ئەوان بەبێ گومـانکردن فـەتواکان جێبەجێدەکـەن، بەڵام ئەوانەی کە پرسیار لە بەهای فەتواکان دەکـەن سـوننەت و واجـب هـەمووی بەیـەك پێوانـە دەبیـنن ئەگـەر وابێـت خەتەنـەکردن لـە کوێدایـە؟! بـۆ کەسـانێك کـە سـنوورێك نـابینن لـەنێوان سـوننەت و واجبـدا "خەتەنەکردن سوننەتە دەتوانین بیکـەیت و دەشـتوانیت نەیکـەیت" ئەمـە بۆچـوونی بنەڕەتی ئەندامەکەی لیژنەی فەتوا بوو.

پێشکەوتن شتەکان لـە بنـەوە دەگۆڕێت، لـە سەربڕینی مریشك بە چەقۆیەکی کولەوە تـا سـەربڕینی بـە کۆمـەڵی مریشـکەکان، ئـەم گۆڕانـە وادەکـات خـەڵکی پرسـیار لـە حـەرامبوون و حـەڵاڵبوونی سـەربڕینی بـە کۆمەڵ بکەن بۆ ئەمـەش دەگەڕێنـەوە بۆلای هێـزە زاڵەکەی کۆمـەڵگا واتـە لیژنـەی فـەتوا « مـەلا عەبـدوڵڵا » لەمبارەیـەوە دەڵێـت" ئێمـە چـووین بـۆ سـەربڕینخانەی بازیـان، چـونکە خـەڵکی شـتی خراپیـان لەبارەیـەوە دەگـوت، وەك ئـەوەی مریشـکەکان پـێش سـەربڕینیان مرداردەبنـەوە دیـارە ئەمـەش پێچەوانەی شەرعە"

پەرخی درێژەی سەردانەکەی لـەناو کەشـێکی پڕگومان و ناڕووندا بۆ گێڕاینـەوە کـە مـرۆڤ هەستیدەکرد ئەو زانایە نایەوێت ڕاستەوخۆ پێمانبڵێت حـەرام و حـەڵاڵی ئـەو ئامێرە لـە چیدایە کە ئـەو چووە بـۆ بینینـی "چووین سـەربڕینخانەکەمان بینـی، بـەڵام وتیـان ئامێرەکە شکاوە و شتەکانی لێنییـە، ئـەوەی ئێمـە دیمـان شـەرعی بـوو، خیلافـی شـەرع نـەبوو، ئـەوەی خیلافـی زاهیربێـت، هـەموو شتێك قابیلی فێڵە، ئەگـەر فێڵکرابێت ئێمـە مەسول نیین و بۆیـە ناتوانین بڵێن ئـەوەی لەوێ سەربڕاوە حەڵاڵە، چونکە هەمووشتێك قابیلی فێڵە ئەگەر ئەوان لـە فێڵ بـن ئەگـەر جاری تریش بچینەوە هەر فێڵ دەکەن "

ڕەنگە هەموومان هەست بە گوناه بکەین لـە حـەرامبوونی کارەکانمانـدا. لەوانـە کرێکارەکـانی سـەر ئامێرەکـەش لـە غـەزەبی خوا بترسن، تەنانـەت دکتـۆرە چاودێرەکەش ترسـی خـۆی لەمبارەیـەوە نەدەشـاردەوە. پـەرخی بـەمجۆرە بـاس لـەو دیمەنـە دەکات "حەزدەکـەین جیهازەکـە بشـکێت و ئـەو دکتۆرەی لەوێش بوو حەزیـدەکرد جیهازەکـە بشکێت ڕەنگە ئـەویش هەسـتی بـەوەکردبێت منـیش و ئـەو حەزدەکـەین بـە دەسـت مریشکەکان سەرببڕێن"

«مەلا عەبدوڵڵا » سورە لەسەر ئەوەی کە بۆ فەتوادانی کۆتایی لەبارەی حەرامی و حەڵاڵی ئامێری مریشك سەربڕینەکە دەبێت کە ئـەو ئـامێرە ببیـنن و دواتـر فـەتوا بـدەین" تـا جیهازەکـە نـەبینن نـاتوانین فـەتوای خۆمـان لەسـەر ئامێرەکـە بـدەین، شـەرم لەکـەس ناکـەین و کـەس ناخەڵـەتێنین و حـەرام بـە کەس نادەین"

ئەندامەکـەی لیژنـەی فـەتوا بـەهێزی لیژنەکـەی و فـەتوا دانـەکانیان دەخاتـە ڕوو بـەوەی کـە هـیچ کەسـێك ناتوانێـت بـەزۆر و زۆرەملـێ فـەتوایان پـێ بـدات و لەگـەڵ ئەوەشـدایە کـە فـەتوای بـەزۆر حـەڵاڵی لـە کوێدایـە و دڵنیایـە لـەوەی کـە گشـت کارەکانیـان بـەپێی شـەرع دەبـەن بـەڕێوە دەڵێت"ئەگەر شەرع مرونەتی تیایـابوو ئـەوا ئێمەش مرونەت دەنوێنین"